# هەرای ناو چەرخەکان



## شێروان خدر

**لە هەموو سەردەمێک و چاخێک دەستنووسەکان ئیسماعیلێک بوون**

**با ئەمرۆش، ئیسماعیلی دەستنووسەکانی تۆ قوربانی بە پیاوەتی بوونی ئەوان بێت.**

**با ئەو ئاسکەش، مێنازی خۆی لە ئاسمانی نووسینەکانت خەت خەتی شیعرت ببزوێنێ!**

**بۆ: حەمە عەباس**

ئەو ئاسکە چەندین چەرخە،
لە سێبەرەکەی خۆی رادەکا.
بە ناو گەرووو،
دۆڵی تاریکی قسەکانی مندا
شۆڕ دەبێتەوە.
لە شەڕە گەورەکان، کە نەنووسراونەتەوە
سێبەرەکەی برینێکی گەورە
بە شمشێرەکەی قەیسەرێک کونبەدەر کرد.

هەرایەک لەسەر پشتی راکشاوی شەودا،

چەندان پیلان و

چەندان دانووستان و

چەندان گەمارۆدان

بۆتە ئەم پیاوە دەمارەکانی پەیڤینت دەگریٚ.

ئەو سێبەرە بوو بە هەزارەی سێیەم

لەسەر ئەو گەڵایە پیرانە

چەندان هزرو

چەندان هەست و

چەندان پاکیزەو

سەردەبڕێت و نوشتەی پیاوەتی بەملی وەدەکا!

ئەو سێبەرە بوو بە درۆیە هەمیشەییەکانی بوون

لەسەر لێوی منداڵێک کۆدەبێتەوە

چەندان ترس و

چەندان خۆشاردنەوەو

چەندان بورکان

کپ دەکاتەوە.

ئەو ئاسکە چەندین چەرخە سێبەرە بریندارەکەی لێنابێتەوەو

چەندین چەرخە تەنیایی،

ژوورێکە لە ئەشکەوتە کۆنەکانی ئەویٚ

بوونێکە لە پێکانی شمشێرەکەی قەیسەر

بزمارێکە لەسەر رۆحت شین دەبیٚ.

پێیەکانی ئەو ئاسکە، وشەکانی ئەو سەردەمەیە
کە لەبەر چاوت دێن و سەری دەبڕن و
لەبەر چاوت وەک قوربانییەک
بۆ لە ناو بردنی ئەو غەزەبە مرۆڤگرە
بەسەر جیران و
گەڕەک و
شارەکان
دابەشی دەکەن!

ئەو ئاسکە چەندین هەزار ساڵە لەو کێوە عاسێ بووە.
لە ناسینەوەیەکدا ئاهونزای مانگ دەبینێ و
چەندان جار بە شاخەکانی
لا روومەت و
نێوچەوان و
گۆنات ماچ دەکا.

کاتێک یەکەم شەڕ هەڵگیرسا
ئەو وەک مێنازێک لەو شاخانە سەرگەرمی لەنجە بوو
بە هەڵبەزینەکانی شیعری راڤە دەکردو
بە چاوەکانیشی مێینەی پێتدەبەخشی.
هێشتا ئەو سێبەرە بوونی نەبوو
قەیسەر لە ناو هێلکەی ژندا لەسەردەمی تروکان نەبوو.
کاتێک کە دوا شەڕی ئەم چەرخە
بە رەتکردنەوەی دەستنووسەکانت هەڵگیرسا
ئەو ئاسکە لە شاخێکا پێش خۆ هەڵدێران
نامەیەکی بۆت نووسی:
کە سێبەرەکەی لەودیو هەناسەکانی خۆت هەڵبواسی.

**ئەو کێوانەش..**

**لە مۆزەخانەی یاوەدەریتا بە هارمۆنیایەکی کزی میوزیک**

**تابلۆی ئەو سێبەرە نمایش بکەیتەوە.**

**سلێمانی** 2005